# پەیامی سەرۆکی PAK بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ جەلالەدین حسەینی

بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتی تێکۆشەری کورد و دامەزرێنەری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، مامۆستا شێخ جەلالەدین حسەینی، بەڕێز عەلی قازی محەمەد کوڕی پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان، لە پەیامێکدا بەو بۆنەیەوە، وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو و سازمانی خەبات، مامۆستا شێخ جەلالی وەک، تێکۆشەرێکی نەسرەوتوو و فیداکاری ڕێگای ڕزگاری کوردستان وەسپ کردووە و کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییەی بە خەسارێکی بەرچاو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و مامۆستایانی ئایینی داناوە.

دەقی پەیامی بەڕێز عەلی قازی محەمەد سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان بەمجۆرەی خوارەوەیە:

بەڕێز: مامۆستا شێخ عیزەدین حسەینی

بەڕێز: کاک بابەشێخ حسەینی

بەڕێزان ئەندامانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

کۆچی دوایی کەسایەتی تێکۆشەری کورد، زانای ئایینی و خەباتگێڕی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد، مامۆستا شێخ جەلال حسەینی، تووشی داخ و کەسەری کردین. مامۆستا شێخ جەلال، تێکۆشەرێکی نەسرەوتووی نەتەوەکەمان بوو کە لە هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا دژی زۆرداری ڕاوەستا و لە سەر مافەکانی نەتەوەکەمان وەدەنگ هات و ڕێگای خەباتی گرتەبەر. مامۆستا شێخ جەلال لەم پێناوەدا دەستی لە ماڵ و حاڵی ئاسایی خۆی هەڵگرت و تووشی ئاوارەیی هات و لەوەش گرینگتر جگەر گۆشەی خۆی لە کاروانی خەبات دا لەدەست دا، بەڵام نەهاتی و کەند و کۆسپەکانی خەبات، هەرگیز کۆڵیان بەو پیاوە خۆڕاگرە نەدا و تا ئاخر هەناسەی لە سەر ئەو ڕێگایەی گرتبوویە بەر سوور و ڕاوەستاو مایەوە.

مامۆستا شێخ جەلال، بێجگە لەوەی خەباتگێڕێکی سیاسی و مامۆستایەکی ئایینی بوو، شارەزایەکی مێژوو و زمان و ئەدەبی کوردی بوو. هاوکات کەسایەتییەکی بەڕێز، قسەزان و مەجلیس خۆش بوو.

بۆیە کۆچی دوایی مامۆستا شێخ جەلال، خەسارێکی دیارە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و دەوری مامۆستایانی ئایینی لەم بزووتنەوەیەدا؛ ئەوانەی وا ئایین و ئامۆژگارییەکانی لە وڵاتپارێزی و خەبات لە ڕێگای وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەیان جیا ناکەنەوە.

بەم بۆنەیەوە، لە لایان بنەماڵەی پێشەوا قازی محەمەد و لە لایان هەموو ریزەکانی پارتی ئازادیی کوردستانەوە، لە قووڵایی دڵەوە، سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و سەرجەم بنەماڵە و خزم و کەس و کار و هەڤاڵانی مامۆستای کۆچکردوو دەکەم. لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە کە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکا و سەبووریش بە هەموان ببەخشێ.

عەلی قازی محەمەد
٢ گەلاوێژی ٢٧١٠
٢٤ جولای ٢٠١٠







## دەقی وتەکانی جێگری سەرۆکی PAK لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی مامۆستا شێخ جەلال الدین حوسێنی

بەناوی خودای گەورە و مێهرەبان

خوشک و برایانی ئازیز، وا ئازیزێکی دیکەمان پێکەوە بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپارد، مامۆستا سەید جەلال الدین حوسێنی عالیم و ئەدیب و تێکۆشەر و پێشمەرگەی ناسراوی کورد.

هەموو مرۆڤێک ڕۆژێک لە دایک دەبێ و ڕۆژێک دنیا بەجێدەهێڵێ. بەڵام ئەگەر هەموومان لە لەدایکبووندا یەکسانین، لە بەجێهشتنی دنیادا یەکسانی نییە. مامۆستا شێخ جەلالی حوسێنی یەکێک لەو کەسانەیە کە بەشێوەیەکی تایبەت کۆتایی بە ژیانی هات و ژیانی بەجێهێشت. وا دەبینین کە چلۆن لە شوێنی دوور لە زێدی خۆیدا بێجگە لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و وەکوو بزانم تێکڕایان، کەسایەتییەکان، مامۆستایانی ئایینی و خەڵکی ناوچەی شاربازێڕ، مامۆستایان بە ڕێز و حورمەتەوە بە خاکی کوردستان ئەسپاردە کرد.

ژیان و خەباتی مامۆستا شێخ جەلال الدین حوسێنی بۆ ئەوە دەبێت کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لێوەی فێربن. ئەو کەسایەتییەکی ئایینی بوو کە خودا پەرستی لەگەڵ کوردایەتی لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەکەیدا ئاوێتەی یەکتر کرد و لەو پێناوەدا تەنیا قسە و گوفتار نەبوو، بەڵکوو بە کردار و بەسەر و بە ماڵ و بە قوربانیکردنی جگەرگۆشەی خۆی ئەو ڕێگایەی بڕی.

کەواتە شێخ جەلال الدین حوسێنی مرۆڤ و سەرکردەیەکی خاوەن پەیام بوو و مرۆڤی خاوەن پەیام هەرگیز نامرێ و ئەگەر بە جەستە دووردەکەوێتەوە بەرۆح و بەگیان لەنێو میللەتی خۆیدا دەژی. هەرچەند کات کەمە و قسە زۆرە لەسەر شەخسیەتی جەنابی مامۆستا، بەڵام من دەڵێم بەداخەوە مامۆستا سەید جەلال الدین حوسێنیش یەکێک لەو کەسایەتییانە بوو کە هەتا لە ژیاندا بوو ئەوجۆرەی کە پێویست بوو قەدری نەگیرا. هیوادارم دەفتەری ژیانی ئەو پاش کۆچی خۆی هەڵدرێتەوە و ئاواتەخوازم ڕۆڵەی کورد فێری ئەوە بێت قەدری زانا و تێکۆشەرە دێرینەکانی بگرێ و هەتا ئەو ڕۆژەی لە حەیاتدان بیانپارێزن، قەدریان بگرن، ئەزموونیان هەڵنجن و لێیانەوە فێربن.

خوشک و برایانی ئازیز

دیسان جێگای داخە کە ئێمە تەنیا فێر بووین لە خەمەکاندا لەدەوری یەک کۆببینەوە. ئەمڕۆ نوێنەرانی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات لێرە لەسەر گڵکۆی مامۆستا لەدەوری یەک کۆبوونەتەوە. داوا دەکەم بەڵێن بدەین لەبەر ئەوەی مەرگ لەسەر ڕێی هەموومانە، ئەم کاروانە نابڕێتەوە. داوا دەکەم بەڵێن بدەین کە چی دیکە تەنیا خەم و پەژارە کۆمان نەکاتەوە و بتوانین هەموو پێکەوە لە شادی و خۆشییەکاندا پێکەوە خەبات بکەین، پێکەوە کۆببینەوە و نەک لە خەمدا، لە هەموو بووارەکانی دیکەی ژیاندا هاوپشت و پشتیوانی یەک بین و هەموو لە ڕێگەی ئامانجی هاوبەشی هەموومان‌دا واتە ڕزگاری و مافی چارەنووس بۆ میللەتەکەمان کۆببینەوە.

بەناوی پارتی ئازادیی کوردستانەوە، بەناوی بەڕێز جەنابی کاک عەلی قازی کوڕی پێشەوا و سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان و بەناوی هەموو ریزەکانی پارتی ئازادیی کوردستانەوە، بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بابەشێخی کوڕی و سکرتێری سازمانی خەبات و جەنابی مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسێنی و هەموو بنەماڵەکەیان و ئەندامان و پێشمەرگە و لایەنگرانی سازمانی خەبات و هەموو کەسوکار و هەموو ئەوانەی بۆ کۆچی مامۆستا بەپەرۆشن دەکەم. ئێوەش هەر شاد و سەرکەوتوو بن و خودا خەمتان نەدا.

# بە بەشداریی هێزە سیاسییەکان تەرمی مامۆستا شێخ جەلال حسەینی بە خاک ئەسپێردرا

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ٣١ پووشپەڕی ٢٧١٠ (٢٢ جولای ٢٠١٠)، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سەرکۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هێزەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەرمی مامۆستا شێخ جەلالەدینی حسەینی بە خاک ئەسپێردرا.

پاش ئەوەی بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٣١ پووشپەڕی٢٧١٠ تەرمی مامۆستا شێخ جەلال لە هەولێرەوە گەیشتە گوندی «واژە«ی ناوچەی شاربازێڕی سنووری سلێمانی، لە سەر وەسیەتی خۆی لەوێ بە خاک ئەسپێردرا.

هەر لە هەولێرەوە بەڕێز حسەین یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان و دەستەیەکی سەرکردایەتی PAK، لە ریزی پێشەوەی کاروانی گواستنەوەی تەرمی مامۆستا شێخ جەلال بوون بۆ گوندی «واژە« .

پاش بە خاک سپاردنی، هەرکام لە بەڕێزان: بابەشێخ حسەینی کوڕی خوالێخۆشبوو و سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، دەروێش نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان، سەلاحەدینی موهتەدی بە نوێنەرایەتی سەرۆک مام جەلال، ڕۆستەم جەهانگیری لە لایان حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران، جەلیل گادانی بە نوێنەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، محەمەد شافیعی لە لایان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران، ئەردەڵان خوسرەوی لە لایان سپای ڕزگاری کوردستان و مامۆستا چەمپاراوی لە لایان یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامییەوە، وتەیان پێشکەش کرد.

هەر بەم بۆنەیەوە و لە ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنی مامۆستا سەید جەلالەدین حسەینی دا، بەڕێز حسەین یەزدانپەنا وتەیەکی پێشکەش کرد. جێگری سەرۆکی PAK لە وتەکەیدا باسی لە کەسایەتی و خەباتی مامۆستای کۆچکردوو کرد. لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا داخ و کەسەری دەڕبڕی کە قەدر و بایەخی کەسانی وەک مامۆستا شێخ جەلال لە کاتی ژیانیاندا نەگیردراوە. هەروەها بەڕێزیان ڕەخنەی لەو دیاردەیە گرت کە تەنیا خەمەکان هێزە سیاسییەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە و ئاواتی خواست کە هێزەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوور لە خەم و ناخۆشییەکان لێک نزیک ببنەوە و یەکبگرن و یەکگرتووانە لە پێناو ئەستاندنی مافەکانی کورددا خەبات بکەن.

هەر ئەو ڕۆژە بەڕێز جێگری سەرۆکی PAK و دەستەی هاوڕێی، لە سلێمانی لە مزگەوتی حاجی جەلال، بەشدارییان کرد لە پرسەی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ جەلال دا.

پارتی ئازادیی کوردستان
کۆمیتەی ڕاگەیاندن
٢٤ جولای ٢٠١٠
٢ گەلاوێژی ٢٧١٠